IOM UN MIGRATION | edf g دۆستی ژینگە



سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکانی

# دۆستی ژینگە

مارس ٢٠٢٤

سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان (EDF) ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) پرۆگرامێکی تازەگەرانەیە و پاڵپشتی کاروکاسبی بژێوی ژیان دەکات لەسەر ئاستی کۆمەڵگە، ئەمەش لەڕێگەی وەگەڕخستنەوەی کەرتی تایبەت و گەشەپێدانی ئابوری لەڕێگەی بەئامانجگرتنی پرۆژە و کار و بزنسە بچووک و مامناوەندەکان (SMEs) لە عێراق دا.

بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانی بەردەوامی بازاڕ و بەمەبەستی دابینکردنی پێداویستییە دیاریکراوەکانی کەرتەکان و کار و بزنس و پرۆژەکان، سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان (EDF) فراوانکرا بۆئەوەی بەچەند شێوەیەکی جیاجیا خۆی بگونجێنێت، دیارترینیشیان سندوقی گەشەپێدانی پرۆژە کلتوورییەکان (EDF-C)، سندوقی گەشەپێدانی پرۆژە کشتوکاڵییەکان (EDF-A)، سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکانی ئافرەتان (EDF-W)، سندوقی گەشەپێدانی پرۆژە تازەگەرییەکان (EDF-I)، سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکانی نۆژەنکردنەوە (EDF-T) و سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکانی دۆستی ژینگە (EDF-G) کە ئەمەی کۆتایی دواهەمین خۆگونجاندنی سندوقەکەیە.

## پێشینە «پاشخان»

عێراق ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاڵنگاری دەبێتەوە لە کەرتی تایبەتدا، لەوانەش نەبوونی سیاسەتێکی پیشەسازی پاڵپشتیکەر، سنووردارپوونی دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە دارایی و نادارایییەکان کە لە ئەنجامدا دەبێتەهۆی لاوازبوونی کەرتی تایبەت، کە ئێستا یەکانگیرە لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوا و زیاتربوونی ڕەوتی ئاوارەبوون بەهۆی وشکەساڵییەوە، کە سنووورداری دەستڕاگەیشتن بە ئیش و کار خراپتر دەکات. تا مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٢٣، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ وادەخەملێنێت کە نزیکەی ٨٣,٥٢٠ کەس بەهۆکارەکانی کەشوهەوا و ژینگەییەوە لە سەرانسەری ١٠ پارێزگای عێراق دا ئاوارە بوون.

سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکانی دۆستی ژینگە (EDF-G) لەسەر ئەو وانانە بونیات نراوە کە لە سندوقی گەشەپێدانی پرۆژە کشتوکاڵییەکان (EDF- a) دەستکەوتون، وەک ژێرخانی سیستمی ئاودێری بچووک کە هێشتا لە عێراقدا باو نییە، هەروەها ئەو وانانەی کە لە سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکانی وزەی نوێبووەوە (EDF- r) فێربووین، وەک دەرفەتەکان بۆ هاندان و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای وزەی نوێبووەوە.

سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکانی دۆستی ژینگە (EDF-G)، لەپاڵ پاڵپشتیکردنی پرۆژە و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان لە فراوانکردن و ڕەخساندنی هەلی کاردا - بەشداری لە کەمکردنەوەی کاریگەرییەکان و خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوادا دەکات، بەتایبەتی لەڕێگەی پاڵپشتیکردنی پرۆژە و کار و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان کە بەرهەموو خزمەتگوزاری دۆستی ژینگە بەرهەمداهینن و پێشکەشدەکەن یان پرۆسەو کارەکانیان بەشێوەیەک ئەگۆڕن کە دۆستی ژینگەبێت.

## دەستپێک

تاقیکردنەوەی دەستپێکی پرۆژەکە لە پارێزگاکانی دیالە، سلێمانی و بەغدا بوو کە تیایدا ١٦ کار و پرۆژە و بزنس هاوکاری مادديکران. **ئەمەش بەزۆری ئەو کار و بزنس و پرۆژانەی گرتبووەخۆ کە لە زنجیرە بەهای ووزەی خۆربوون، بە دابینکردن، فرۆشتن، دانان، و چاککردنەوە، وە بەرهەمهێنانی بۆکسە کارەباییەکان کە بۆ سەرچاوەی ووزەی خۆر بەکاردێن . هەروەها پرۆژەکانی دووبارە بەکارهێنانەوە/ڕیسایکلینگی پلاستیک و ماددەکانی دیکەی وەک تایە، کۆکردنەوە، جیاکردنەوە، پاککردنەوە، ووردکردن و هاڕینی لە یەکەمین وەرگرەکانی هاوکاری ماددی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژکانی دۆستی ژینگە (EDF-G) بوون. هەروەها بەرهەمهێنانی بۆڕی، شوێنی هەڵگرتنی سەوزە و میوە، ڕاخەری پلاستیکی، لە کەرەستەی دوبارە بەکارهاتوو . پرۆژەکانی دیکە کە هاوکاری ماددی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکانی دۆستی ژینگەیان وەرگرت ؛ پاسڤ هاوس (خانوو کە پێویستی بە ووزەی کەمە) یان بنیادنانی بینای دۆستی ژینگە، بەرهەمهێنانی ماددە شیکەرە و هەڵوەشێنەرەوە سروشتییەکانی نێو خاک، بەرهەمهێنانی خۆراکی سروشتی وەک زەیتی زەیتوون، خەل، شیرەمەنی.**

## هەڵسەنگاندنی بازاڕ

هەڵسەنگاندنی بازاڕ لە پارێزگا جیاجیاکانی عێراق ئەنجامدرا بۆ دەستنیشانکردنی کەڵکداریەتی و شیاوی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکانی دۆستی ژینگە (EDF-G) لە چوارچێوەی شێوازی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان (EDF). لەگەڵ ئەوەشدا پێویستبوو چەند پێداچوونەوەیەکی سەرەکی بە پرۆسەی پێدانی هاوکارییە دارایییەکە و چۆنیەتی چاودێریکردنی بکرێت تا بەشێوەیەکی باش بزانرێت کە ئایا ئەو کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندانە

دەتوانن زیاتر پەرە بە پرۆسە و چالاکی دۆستی ژینگە بدەن لە ئیش و کارەکانیان دا. ئەو بزنسانەی کە لەقۆناغی دەستپێکی ئەم سندوقە هاوکاری ماددیکران، زۆربەی کارەکانیان دۆستی ژینگەیە. ڕەنگە ئەم کار و بزنسانە لە کەرتە ستانداردەکان دا کار بکەن و کار و بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانیان لە کەرت و بوارەکانی خۆیان دا بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دۆستی ژینگە بن، لەبەرئەو شێوازی ئیشکردنەی کە هەڵیان بژاردووە. بۆیە سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکانی دۆستی ژینگە (EDF-G) ئامنجیشیەتی کە پاڵپشتی ئەو کار و بزنسانە بکات کە چالاکیەکانیان گۆڕیوە یان ئەگۆڕن بە شێوەیەک کە دۆستی ژینگەبێت، بانگەوازە نوێیەکان بۆ داواکاری پێشکەشکردن کە لە ساڵی ٢٠٢٤ەوە دەستپێدەکات ئەو جۆرە کارانەش دەگرێتەوە. سیستەمی نوێی بەڕێوەبردنی زانیاری (IMS) کە لە ئێستادا پەرەی پێدراوە هەڵسەنگاندن بۆ توانای گۆڕانکاری کار و بزنسەکان دەکات لە بونیان بە دۆستی ژینگە. ئەمەش لەڕێگەی تۆمارکردن و هەڵسەنگاندنی ئەو کار و بزنس و کۆمپانیایانە بەپێی بنەما سەرەکییەکانی بون بە دۆستی ژینگە ، لەنێویشیان دا:

- دووبارە بەکارهێنانەوە، دووبارە بەرهەمهێنانەوە، کەمکردنەوەی پاشماوە
- کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ووزە و ئاو.
- ڕێگریکردن لە پیسبوون (بۆ نموونە، لەرێگەی بەکارهێنانی ئەو کەرەستە و ئامێرانەی کە دووکەڵ و دەردانی گازیان کەمە، ئەوانەی توانای کارکردنیان بەرزەو پێویستی بە ووزەی زۆر نییە، و بەکارهێنانی ئەو کەرەستە و ماددانەی کە شیدەبنەوە).
- کڕینی بەرهەم و کەرەستەی خۆجێیی ئەوانەی کە دۆستی ژینگەن و هەنگاوانی زیاتر بەرەو ئەو دابینکەرانەی کە کاڵا و خزمەتگوزاری و بەرهەمەکانیان دۆستی ژینگەن.
- دابەشکردنی بەرهەم و خزمەتگوزاری و گەیاندن بەشێوەیەکی دۆستی ژینگەیی (بۆ نموونە، بەکارهێنانی پاکێجینگ و پێچانەوەی دۆستی ژینگەیی یان گواستنەوە بەشێوەیەکی دۆستی ژینگەیی)

ئەم پێوەر و بنەمایانەی دۆستی ژینگە لەرێگەی قۆناغە جیاجیاکانی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکانەوە زیاتر دڵنیایی لێدەکرێتەوە، هەر لە قۆناغی دەربرینی ئارەزوو لە سەرەتا دا تا دەگاتە دوایەمین قۆناغەکانی دووپاتکردنەوە و پشتراستکردنەوە دڵنیابونەوە لە ئەنجامدانی کارەکان، کە تیایاندا پشکنین بۆ بەئەنجامگەیاندنی چالاکیەکانی ئەو کار و بزنس و کۆمپانیایانە دەکرێت بۆ دڵنیابونەوە لەوەی کە دۆستی ژینگەن. بەلەبەرچاوگرتنی ئاڵۆزی ئەم بوارە و ئەگەری هەبوونی هەندێک خاوەنکاری تازە کە هیچ ئەزموونێکی پێشوویان نییە بۆ گرتنەبەری ڕێچکەی دۆستی ژینگە، بۆیەش سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکانی دۆستی ژینگە (EDF-G) پرۆسەیەکی فێرکاری دەبێت، لەبەرئەوەی لە هەر قۆناغێک دا ئەو خاوەنکارانە فێردەبن کە پێویستیان بە شێواز و مۆدێلێکی دیکە دەبێت کە زیاتر دۆستی ژینگەیە.

بەرەچاوکردنی تازەیی و لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە زۆربەی ئەو کار و بزنسانەی کە لە کەرتی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژکانی دۆستی ژینگە (EDF-G) دا کاردەکەن هی گەنجانن، هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە نەوەی داهاتوو گەنجن و چاوەڕوانی هۆشیاریەکی زیاتریان بۆ ژینگە لێدەکرێت، سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکانی دۆستی ژینگە (EDF-G) هاوکاری ماددی دەبەخشێتە دانان و دەستپێکردنی ئەو کار و بزنسانەی کە بەرهەمو خزمەتگوزاریەکانیان کاریگەری باشیان بۆ ژینگە هەیە و بە دۆستی ژینگە دەناسرێن، یان بەو کار و بزنسانەی کە توانایان هەیە بەشێوەی دۆستی ژینگە کاربکەن.

## وانە کان و فراوان کردن

سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکانی دۆستی ژینگە (EDF-G) فراوان کراوە بۆ چەند پارێزگاکایەکی دیکە، ئەوانیش کەرکووک، هەولێر، دهۆک و نەینەوا. بە لەخۆگرتنی هەردوو سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکانی دۆستی ژینگە (EDF-G) وە سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکانی وزەی نوێبووەوە (EDF- r) تاکو ئێستا ٣٩ کارو بزنس لە ١٠ پارێزگادا هاوکاری کراون، کە چەند وانەیەک لەم چالاکیانەی پێشووەوە فێربوین. لە دیارترین و گرنگترینیشیان ئەمانەن:

- پێشکەشکاران داوای بڕە پارەیەکی زیاتر دەکەن کە دەبێـەهۆی ئەوەی کە تێچووی هەندێک لە هەلی کاری ڕەخساو بەرزبێت، بەتایبەت بەهۆی ئەوەی کە تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو تێچووی زۆرە (بەڵام دواتر ئەم تێچونە دەبێتەهۆی دروستکردنی هەلی کاری باش و بەردەوام بۆ کارمەندی شارەزا).
- بەرهەمی پلاستیکی کە تەنها بۆ یەکجار بەکاردێت ئەگەرچی لە پلاستیکی دووبارە بەکارهاتوش بەرهەمهێنرابێت، ناکەونە چوارچێوەی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکانی دۆستی ژینگەوە، لەبەرئەوەی ئەم بەرهەمانە کەمتر دۆستی ژینگەن، بە بەراورد بەو بەرهەمانەی کە تەمەنی بەکارهێنانیان درێژترە.
- مۆلیدەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا ناکەونە چوارچێوەی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکانی دۆستی ژینگەوە (بەڵام لەبەر ئەوەی بەرهەمهێنانی ووزە لەرێگەی ووزەی خۆرەوە بۆ پڕکردنەوەی پێویستی نرخی زۆر گرانە)، بۆیە دەکرێت لەهەندێک باروودۆخی تایبەت دا ڕێگە بدرێت پرۆگرامی ئەم سندوقە بیانگرێتەوە.
- کڕینی ئامێری کۆن و بەکارهێنراو کە وزەی زیاتری ئەوێت و کەمتر دەتوانێت دۆستی ژینگە بێت، لە هەندێک باردا کەمتر شیاون بۆ هاوکاریکردن لەچوارچێوەی ئەم پرۆژەیەدا.



بەمەبەستی بەهێزکردنی ئیش و کارەکانی ئەو کار و بزنسانەی کە دۆستی ژینگەن لە عێراق، ڕێکخراوی IOM لەڕێگەی پرۆگرامی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکانی دۆستی ژینگە (EDF-G)ەوە. هاوکاری ئومێدی کرد کە بوە هۆی دانانی گەورەترین سیستەمی ووزەی خۆر/ووزەی پاک لە عێراقدا.


ئەم بار کۆدە سکان بکە و زیاتر لەبارەی ئەم سندوقەوە بزانە!

# دەستکەوتە سەرەکییەکانی پڕۆگرامی

سـندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکانی دۆستی ژینگە (EDF - g)
لەنێویشیدا پڕۆژەکانی وزەی نوێبووەوە (EDF - r)

## رووماڵ و گرتنەخۆی پڕۆگرامەکە

ژمارەی ئەو کار و بزنسـانەی کە لەلایەن ئەم پڕۆگرامەوە
هاوکاری ماددی کراون بەپێی پارێزگا




## دەستکەوتەکانی سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژکانی دۆستی ژینگە

تا ئەمڕۆ

کۆی بڕی هاوکاری پەسەندکراو
**٩٤٤,٨٧٩** دۆلاری ئەمریکی

کۆی بڕی پارەی هاوبەشپێکراوی خاوەنکارەکان
**٨٣٧,٦٩٨** دۆلاری ئەمریکی

هەلی کاری رەخسێندراوی نوێ
**٢٠٢**

پاڵپشتیکردنی ئەو هەلە کارانەی کە هەبوون
**٢٦٩**

ژمارەی کارو بزنسی هاوکاری کراو
**٣٩**



❝

"ئامانجێکی دوورتری ئێمە ئەوەیە کە شارەکان سروشتیانەتر دیزاین بکەینەوە، هەروەها بۆ زیاتر رۆچوون و گرنگیدان بە کەرتی کشتوکاڵ بە سیستەمێکی پێشکەوتووی ئاودێری بۆ پاراستن و بەفیڕۆنەدانی ئاو. بۆ ئەم مەبەستەش، سیستەمەکانی دۆستی ژینگە زۆر گرنگ و پێویستن بۆ بەردەوامبوونی پلانەکانمان"

دانا کەماڵ



### چارەسەرەکانی کۆمپانیای Greenscape: بونیادنانی خۆڕاگری لەبەرانبەر گۆڕانی کەش و هەوا

دانا کەماڵ خاوەنکارێکی گەنجی عێراقییە و خاوەنی کۆمپانیای گرین سکەیپە. کۆمپانیایەکە کە چارەسەری کوالێتی بەرز و نرخ گونجاو بۆ پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون و بۆ پڕۆژە شارستانیە بازرگانییەکان دابیندەکات لە هەرێمی کوردستانی عێراق. دانا لەساڵی ٢٠١٣ ئەم کۆمپانیایەی لەگەڵ کۆمەڵێک ئەندازیاری شارەزا و داهێنەر و خواست بەرز دامەزراند، بەو ئومێدەی بتوان یارمەتی کڕیاران بدەن و ئەزموونێکی نموونەیی پێشان بدەن.




داواکاری پێشکەش بکە:

| | |
|---|---|
| بۆ داوا پێشکەش کردن بە سندوقی<br>گەشەپێدانی پرۆژەکان بە ئۆنلاین،<br>سەردانی وێبسایتی سندوقەکە بکە<br>edf.iom.int | یان هەر لە<br>مۆبایلەکەتەوە ئەم کیو<br>ئاڕ کۆدە سکان بکە و<br>داواکاری پێشکەش بکە |

IOM UN MIGRATION
edf Enterprise Development Fund
edf g دۆستی ژینگە